## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٦٦) لە ٢٠٢٤/١١/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٢) لە ٢٠٢٤/١١/٢٧، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە نووسراویان ژمارە (١٠٧٥) لە ٢٠٢٤/١١/٣ و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠١٨٥) لە ٢٠٢٤/٨/٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. بەقیستکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە وەک (بدل تمليك) وەردەگیرێت لە هاووڵاتیی زێدەڕۆکار کە بە مەبەستی نیشتەجێبوون خانوویەکی زێدەڕۆیی دروستکردووە لەسەر زەویی موڵکی گشتی لە سنووری شارەوانییەکان کە لە بنەڕەتدا بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون تەرخانکراوە، بە مەرجی هەبوونی سەرجەم مەرج و پێداویستی و ڕێکارەکانی هاتوو لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ (یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لەسەرکراوە لە هەرێمی کوردستان-عێراق) هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ (یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩).

٢. پێویستە زێدەڕۆکار کە حوکمەکانی یاسای هەموارکراوی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە دەیگرێتەوە، پێشەکی ڕێژەی (٣/١) سێ یەکی بەدەل تەملیکی زەوییەکە بدات بە شارەوانیی تایبەتمەند، و ئەو بڕە پارەیەی دەمێنێتەوە پێویستە بە (٣) سێ بەرکەوتەی یەکسان بدات بە مەرجێک لە ماوەیەک بێت کە لە (٢) دوو ساڵ تێپەڕنەکات.

٣. بۆ مەبەستەکانی سوودوەرگرتن لەم بڕیارە، پێویستە لەسەر زێدەڕۆکار بەڵێننامەی پەسەندکراو پێشکەش بکات بۆ پابەندبوون بە پێدانی بەرکەوتەکان لە کاتی خۆی، و بە پێچەوانەوە بەقیستکردنی بەدەل تەملیکەکە هەڵدەوەشێتەوە و پێویستە زێدەڕۆکار تەواوی پارەکە بدات بە شارەوانیی تایبەتمەند. بۆ ئەم مەبەستەش، نیشانەی مامەڵەنەکردن (إشارة عدم التصرف) لەسەر زەوییەکە دادەنرێت و ئەم نیشانەیە هەڵناگیرێت تاوەکو زێدەڕۆکار تەواوی قیستەکان دەدات.

٤. ئەم بڕیارە ئەو زێدەڕۆکارانە دەگرێتەوە کە مەرج و ڕێکار و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوەیان تێدایە.

٥. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری، و لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای هەموارکراوی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران دەردەکات و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

٦. وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و کار بە هیچ بڕیار و نووسراو و ڕێنماییەکی دیکە ناکرێت دژ بە بڕگەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**